# بۆئەوەی مینۆمێنتەکان نەسووتێن!

**بەشدار علی**

Bashdar_net@yahoo.com

چی بکەن بۆئەوەی مینۆمێنتەکان نەسوتێن؟ وەلاٚمی ئەم پرسیارە لای بەرپرسەکان ئاسانە و ماندوبوونێکی زۆری ناوێت و هەر لە ئێستاوە بەرنامەیەکی تۆکمەیان بۆداناوە کە بریتییە لە دروست کردنی جەوێکی تۆقێنەر لەناوشاری هەڵەبجەو زیادکردنی ریزێك لەچەك بەدەست و گرتن و زیندانی کردن لە هەر حاڵەتێکی دیکەدا, بەلاٚم ئەمە هەم ناتوانێ وەلاٚمێکی قانع کەربێت بۆ کەسێك کە لە بنچینەوە بۆ کێشەکان بروانێت, لەلایەکی دیکەوە تەنها ئەم بەرنامەیە بۆکاتێکی دیاریکراوو ناوچەیەکی دیاریکراو دەست دەدات, چونکە نارەزایەتی خەڵکی کوردستان ئێستا وەکو ئاگری ژێر خۆڵەمێشە لەهەر شوێن و کاتێك کپی کەیتەوە لە شوێن و وەرزێکی دیکە بەهەمان گەرووی پێشترەوە بە کۆمەڵێك خواست و داوای ترەوە هەڵدەگیرسێتەوە, خۆپیشاندان و نارەزایەتیەکانی توێژە جیاجیاکانی خەڵکی کوردستان لە دوو ساڵی رابردوو لەناوچە جیا جیاکانی کوردستان و سەرکوت کردنی, گەواهیدەری ئەم رستانەی سەرەوەن. ئێمە لێرەدا مینۆمێنتی هەڵەبجەو سوتاندنی لە ساڵی پار وەکو نموونە هێناومانەتەوە, ئەگەرنا لە پرتەوبۆڵەی ناوپاس و تەکسی وبازارەکان و قوتابخانەکان بێ ئومێدییەکی قووڵ لەناخی خەڵکیدا بەدیدەکەیت کەبڕوای بەهیچ شتێك نەماوە.

بەبڕوای من ژیانی خەڵك ئاوا گوزەر بکات و ئاستی خزمەتگوزارییەکان بەم شێوەیە لەژێر سفردا بێت و ژیانی کەمینەیەکیش لە لوتکەدا بێت, سەرجەم دامودەزگاکانی حزب و حکومەت و پرۆژە تایبەتیەکان بەدەردی مینۆمێنتەکەی هەڵەبجە دەچن, چونکە ئێستا خەڵك هەست دەکەن کە ئەم دامودەزگایانە تۆزقاڵێك خزمەت بەژیان و گوزەرانی ئەوان ناکات بەڵکو بەپێچەوانەوە دەزگایەکن بۆ بە فیرۆدانی سەروەت و سامانی خەڵك و ئیمتیازاتی زیاتر بۆ چەند کەسانێك.

"های سیتی" و"دریم ستی" وپالاٚس و شیراتۆنەکانیان ناتوانێ سگی منداڵێکی برسی باداوەو سەیداوە.... تێربکات, نابێتە جێژوانێك بۆ کچ و کوڕە دڵ شکاوەکان, خێزانە دەرکراوەکانی دەستی (زێدەڕۆیی و کرێچییەکان) ناتوانن شەوێك لەم شوێنانە بخەون.

ئاخر من چوار بینایەی هەزار مەتری و چوار نهۆمی وەزارەتی شارەوانیم بۆچیە کەدوای 16 ساڵ لە هەولێر سەد مەتری جادەی بێ تاسەو کەندم نەبێت؟! من چی لە چوار بەرێوەبەرایەتی وەزارەتی ژینگە بکەم ئەگەر شەقامەکەم پڕی بێت لە قوتی بیرە ؟! ئاخر من دوانزدە بەرێوەبەرایەتی پەروەردەم بۆ چییە کە نەتوانن کۆتایی بە سیستەمی دارزیوی پەروەردەو پۆلی شەست قوتابی بێنن؟!

من چی لە وەزارەتی کارەبا بکەم کە لە 24 کاتژمێر 24 دەقیقە کارەبام هەبێت؟! من چی لە وەزارەتی تەندروستی بکەم کە نەخۆشخانەکان تەنها حەبی ژانەسەری ئێکسپایەری تیادا دەست دەکەوێت, ئاخر چی لەوەزارەتی ئاووئاوەرۆکان بکەین هەر لەگەڵ بارینی سەد دڵۆپ باران شەقامەکان بەکەڵکی مەلەکردن دێن؟!....

خەڵکی هەڵەبجە بۆیە مینۆمێنتەکەیان سوتاند, چونکە هەڵەبجەو کەلاوەکانی خۆی لەخۆیدا مینۆمێنتەو دەستکاری نەکراوەو هەرکەسێك دەیەوێت با سەردانی رێگاوبان وخانوو و قوتابخانەکانی بکات هەروەکو ساڵی (1988)ە. مینۆمێنت بۆ شوێن و رووداوێکە کە لە گۆڕاندا بێت بۆئەوەی لە بیرو هزری خەڵك کاڵ نەبێتەوە, چونکە ئەوان هیوایان بەشەوێکی رووناکی بەردەم گڵۆپی فیستێڵ دەخواست و دامودەزگاو ماڵە بەرپرسەکان و مینۆمێنتەکەش بریسکەی گڵۆپەکانیان سەدان مەتر دەبریسکایەوە, ئەوان وتیان ئەم بەرپرسانە ئیتر لەسەر قوربانی و کۆمەڵ کوژی ئێمە خەریکن ساڵاٚنە کۆشکەکانیان بەرزبکەنەوەو تەنها لەیەك رۆژدا فرمێسکی درۆینەمان بۆ هەڵرێژن و دواتریش بەهەموو شێوەیەك دەکەونە گیانمان وخوێنمان دەمژن, ولەولاشەوە لەبەرامبەر هەڵوێستی نارەزایەتیان ئیمەدا کەلە رۆژی کیمیابارانکردنی هەلبجەدا لەخۆمانی نیشان دەدەین  کەچی دەسەلاتداران ودەزگای ئاسایشەکەیان دەست بۆ رێژنەی گوللەدەبەن.

وابزانم بۆ هیچ کەسێك خۆش نیە شەقامەکان ببێتە شوێن و هەمیشە نارەزایەتی دەربڕێ, بەلاٚم کاتێك دەبینین نایەکسانیەکان, ماڵوێرانیەکان و ئێش و ئازارو ناخۆشیەکان تا ئاستێکی قێزەوەنە, بۆیە ئینسان ناتوانێ دەنگ هەڵ نەبڕێ.

بەلام بۆئەوەی مینۆمێنتەکان نەسوتێن بگرە ببنە نمونەی جوانی شارو بیرەوەری یەکانی خەلك دەبی شاری هەلبجە لەبەرنامەی گەندەلی و دزی بەرپرسیاران دەرکیشریت. دەبی خەلکی بۆباشکردنی شارەکەیان هیچ چاوەروانیەك لەدەسەلاتداران و پرۆژەکانی ئاوەدانکردنەوەیان نەکەن. دەبی خۆیان

یەکگرتوو ریکخراو کەن وبەرپرسیاریتی شار بگرنەدەست، دەبی دەسەلات و بەریوەبەریتی شار بگەریتەوە بۆنوینەرانی هەلبژیردراوی خەلك خویان. لەلایەکی تریشەوە دەبی هەرچی ئیمکانات و بۆدجە و ئەو کۆمەکانەی کە بۆ ئاوەدانکردنەوەی شاری هەلبجە تایبەت دەکری لەژیر دەستی بەرپرسیاران دەرکیشری و لەصندوقیکدا بخریتەبەردەست نوینەرانی خەلك و بەپیی بریار و لەژیر چاودیری ئەواندا سەرفی ئاوەدانکردنەوە و پیویستیەکی خەلکی ئەم شارە بکری.. بۆئەوەی مۆنۆمینتەکان نەسوتیت دەبی خەلکی شاری هەلبجە خویان بریاری بەریوەبردنی ئەم شەرە بەدەستەوە بگرن و دەسەلاتدارانی پی ناچاربکەن.